حەماس وەڵامەکەی دەگەیێنێتە نێوەندگیرەکان: تۆپێکە لە یاریگای واشنتۆن و تەلئەبیبدایە

بزووتنەوەی حەماس ڕایگەیاند، وەڵامی پێشنیازەکەی نێردەی سەرۆکی ئەمەریکای بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بارەی ئاگربەست، داوەتەوە.

شەممە، 31ـی ئایاری 2025، بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی ڕایگەیاند، وەڵامی پێشنیازەکەی ستیڤ ویتکۆف، نێردەی سەرۆکی ئەمەریکای بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بارەی ئاگربەستی غەززە داوەتەوە و وەڵامەکەیشی گەیاندووەتە نێوەندگیرەکان.

بزووتنەوەی حەماس ڕایگەیاندووە، وەڵامەکەیان تایبەتە بە ئاگربەستی هەمیشەیی لە غەززە، کشانەوەی سوپای ئیسرائیل لە کەرتەکە و گەرەنتیی گەیشتنی هاوکارییە مرۆییەکان و ئازادکردنی دە دیلی ئیسرائیلی و ڕادەستکردنەوەی 18 تەرم، بەرانبەر بە ئازادکردنی ژمارەیەک لە زیندانییە فەڵەستینییەکان، کە حەماس و ئیسرائیل، لە سەری ڕێک بکەون.